# بنیادی دەلالی و شیمانەیی دال
# لە (شیعری نوێی کوردی)دا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**(٢ - ٢)**

**هێڵی یەکەم**
**لە نێوان (گوتن / مانا)دا**

وشـە، یان هەر یەکـەیەکی زمـانەوانی لە دوو بنەمـا پێکهـاتووە و لە یەک جـیـا نابنەوە، ئەویش گـوتن و مانایە! مانا و گوتراویش لە مشتومڕی جیاوازی خۆیان ناکەون. گوتن ڕووە مـەتریاڵەکەی مانایە، مـاناش ڕووە هەستییەکەی گوتن پێکدەهێنێ.

مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، مانا و گوتن پێوەندی بە هەڵنانی بەهای هونەری دەربڕینەوە هەیە، بەشـێکی گــــەورەی بەهـای هونـەری دەربـڕینیش تێـگـەیشـتن دەینەخشـێنێ؟! چەمکی تێگەیشتن هەمیـشـە پشت بە فـاکـتـە حـەقـیـقـیـیـە مرۆییـەکـان دەبەسـتێت. بەهای تێگەیشتن لە شـێـوازی دەربڕینی دەلالەتخـوازانەوە نزیکمان دەکاتەوە!

لە بارەی ئەو مـشـتـومـڕەوە هەندێک پێـیـان وایە پێشـخـستنی گوتن بەسـەر مـانادا جـوانی و پوختی و پتـەوی لێ دەکـەوێتـەوە، بەهای ئەدەبی بەرزتر نیـشـان دەدات، شـێـوازی هونەری جـوانتـر دەسـتـەبەر دەکـات، هەمیشە داڕشتنی ئەدەبی و حەقیقەتی دەربڕین بە پوختی و پتـەوی و گـوتنی جـوانەوە پەیوەست دەکـەن، هەر لەوێشەوە بە مانا دەگەن، هەر لەوێشەوە بە مانای جوان و پتـەو و ڕوون و حـەقـیـقی دەگـەن، هەر لـەوێشـەوە بە ڕیتـمی جوانی دەربڕین دەگـەن، هەمـوو ئەوانەش پشت بە کۆمەڵێک پاڵنەر دەبەستن، پاڵنەری دەروونی، سیاسی، نەتەوەیی.

هەندێکی دیکە لە ڕەخنەگران لە مشتومڕی نێوان گوتن و مـانا، پێـیـان وایە جـوانی گـوتن و جـوانی مـانا لە بەیەکـەوە بوونیـاندایە، پێکەوە ئاسـتـە بەرزەکـانی ڕەوانبـێـژی دەنووسنەوە و تەرازووییەک بۆ بەهای هونەری دەسـازێنن، پێـیـان وایە شـیـعـر لە ڕێگای ئەو بەیەکەوەبوونەیان باڵا دەکات و لە لێکترازانیشیان نزمی دەنوێنێ، گوتنی جوان، جوانی مـانای لێ دەکـەوێتـەوە، وەک چۆن گـوتنی ناشـیـرین مـانای دزێو بەرهەم دەهێنێ! ڕەوانی مـانا ڕیتـمی ڕەوانی لێ دەکـەوێتـەوە و ناڕەوانی تەمومژ.

ئەو پێکەوە بـوونە ئەگەرچی لە یەکـێتی و ئاوێتـەبوونی گوتن و مانا نزیکە، بەڵام جیاوازی خۆیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە یەکـێتی گوتن و مـانادا، گوتن جەسـتـەیە و مانا ڕوح، جەسـتـە و ڕوح لێک جیابوونەوەیان مـەحاڵە، لایەنگرانی یەکـێتی و ئاوێتـەبوونی گوتن و مانا، پێیان وایە هەمـوو گـوتنێکی جـوان، مـانای جـوانی لەخـۆدا هەڵگرتووە، گوتنی پتەو، ڕاستی مانا دەنوێنێ، هەڵبـەتە پێچەوانەش ڕاستە! دەتوانم بڵێم هەموو ئەو قسانەی لە بارەی یەکـێتی گوتن و مـاناوە دەکرێن، بەهای یەکبوونی

شێوە و ناوەرۆکمان بیر دەخەنەوە، وەک ئەوەی گوتن فۆرم بێ و مانا فیکر.

بەشێکی دیکە لە ڕەخنەگران لە مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، بەرگری لە چەسپاندنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا دەکەن و پێیان وایە نهێنی پێوەندییەکانیان بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، هەرگیز پێوەندی بە ورووژانی یەکێک بە سەر ئەوی دیکەوە نییە، بەڵکو ڕێسا و یاسای زمانەوانی بەڕێوەی دەبات و دەکەوێتە نێوان پرەنسیپ و ڕێبازی تایبەت بە زانستی زمان و دانان و ڕێکخستنەوەوە. دواجار هەمیشە پرۆسەی ڕێکخستن پێوەندی نێوان گوتن و مانا دەگەیەنێت.(٢٠)

بەم جۆرە دەتوانم بڵێم هەندێک لەو شاعیرانەی شیعری نوێی کوردی (کە من بە هێڵی یەکەم ناویان دەبەم) هەوڵ دەدەن لە ڕێکخستندا پێوەندی نوێ و بەرفراوان لە نێوان مانا و مانا، جوانی و مانا، ڕیتم و ناوکۆیی دروست بکەن، زۆربەیان دوای وشەی شیعری و ڕستەی شیعری و ڕیتمی ناوکۆیی دەکەون! هەندێکیان لادانی مانا بە ورووژانی هەستییەوە دەبەستنەوە، بەڵام بە گشتی لە پێناو مانەوە لە سەر ڕێکخستنی (مانا/ جوانی)ی چەسپاو و ئامادە، لە سەر (شیعری دنیایی) کار دەکەن. بۆ نموونە دەتوانم وێڕای کۆمەڵێک جیاوازی و وێڕای مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، دەشێ بۆ دیاریکردنی (هێڵی یەکەم) چوار نموونەتان پێ بناسێنم:

**نموونەی یەکەم**

نموونەی یەکەم لە شاعیران، ئەوانەن کە (جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە) جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بە هەستی نەتەوایەتی و دەروونی و سیاسی موتوربە دەکەن، پەردە لەسەر گوتنی حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەدەنەوە، لەوانە: شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، جەلال مەلەکشا، ژیلا حوسێنی.

**نموونەی دووەم**

بەڵام نموونەی دووەم، لە (هێڵی یەکەم)دا لە نێوان تێگەیشتن و مانادا، شیعرگەرایی لە خودگەرایی و ناوەرۆکگەراییدا دەبیننەوە، بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی تێگەیشتن لەسەر خودی تێگەیشتن، بۆ (چەسپاندنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا) بۆ گواستنەوە لە



جەلال مەلەکشا

حیکایەتێکەوە بۆ گەیشتن بە ڕیتمی حیکایەتێکی دیکە، بە مانایەکی دیکە ڕێگاکانی گوتراو تاقی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە دەروونی خۆیان بگەن، یان هەموو ئەو تێگەیشتنانە لە فەزایەکی شیعری دووبارە دەکەنەوە، فەزایەک کە لەگەڵ هۆشیاری شیعری و ڕیتمی شیعری دێتەوە، فەزایەک کە دەکەوێتە نێوان پرەنسیپ و زمانی شیعری و دانان و ڕێکخستنەوەوە، نموونەی دووەم لە چەسپاندنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا، وێڕای جیاوازییان: کەریم دەشتی، جەمال غەمبار، نەزەند بەگیخانی، چۆمان هەردی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، فەرەیدوونی ئەرشەدی.

**نموونەی سێیەم**

نموونەی سێیەمی (هێڵی یەکەم)ی شاعیران، ئەوانەن کە هێزی گوزارشتکردن و هەستی لیریکی و ورووژانی سۆز بە کەرەستەی باڵایی جوانی و ڕەوانی و ناسکی دادەنێن، هەوڵ دەدەن ڕیتمێکی دەروونی و مرۆڤدۆستی لە بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی خوێنەردا بچێنن، هەوڵ دەدەن فەزای چێژ و ژیاندۆستی فرەوانتر نیشان بدەن، هەوڵ دەدەن دەرگای خەیاڵێکی نزیک لە سیحر بۆ مرۆڤایەتی واڵا بکەن، شاعیرانی (یەکێتی گوتن و مانای گوتن) شاعیرانی نموونەی سێیەم، جوانی گوتن و جوانی مانا ئاوێتەی ڕیتمی بیرکردنەوە دەکەن،

حەقیقەتی گوتن تێکەڵ حەقیقەتی نەگوتن دەکەن، لە نموونەی ئەو شاعیرانە: دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، بەختیار عەلی، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل بەرزنجی، هیوا قادر.

### نموونەی چوارەم

نموونەی چوارەم، لە (هێڵی یەکەم)، شاعیرانی چێژی (گوتن بەسەر مانادا)، جەستە بە سەر ناوەرۆکدا زاڵ دەکەن، لە ڕێگای چێژی گوتنەوە خۆیان لە مانا دەخشێنن، ئەو شاعیرانەی جەستەگەرایی و چێژی ئیرۆتیکی و ئاگامەندی سۆزداری پێش دەخەن، بەڵام مەبەستم ئەوانە نییە، کە ئیرۆتیکا و ورووژانی سێکسی تێکەڵ بە یەک دەکەن؟! بەڵکو مەبەستم ئەوانەیە، کە دنیا لە دوو دیدی جیاوازی نێر و مێدا تەماشا دەکەن، بەڵام خۆیان لە بە بازاڕکردنی هەست و بێنرخکردنی جەستە و حەزی رووت دەپارێزن، هەمیشە حەقیقەتی چەپێنراو پێش حەقیقەتی گوتراو دەخەن، هەمیشە چێژی گوتنی نەگوتراو پێش دەخەن و پێیان وایە ئەوە چێژی گوتنی نەگوتراوە چێژی مانای لێ دەکەوێتەوە، هەمیشە جوانی جەستە و ڕیتمی جەستە لە مانای کرچوکاڵ دەپارێزن، هەمیشە پێیان وایە ئەوە گوتنی جوانە، شێوازی هونەری جوانتر دەستەبەر دەکات، ئەوە گوتنی جوانە، ڕیتمی جوان و چێژ دەنەخشێنێ، نموونەی شاعیرانی گوتن بەسەر مانادا، قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، ژوان ئاوارە.

### شاعیرانی جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی

دەتوانم بڵێم نموونەی یەکەم، ئەو شاعیرانەی (جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە)، ئەو شاعیرانەی جوانی گوتن و هەستی نەتەوایەتی و سیاسی کۆیان دەکاتەوە و گوتن و ڕیتمی تێگەیشتن بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە! هەمیشە هێزی شیعری لە گوتن و پەیامی شیعریدا هەڵدەگرنەوە، لە ڕێگای جوانگوتنەوە لە مێژووی مانا نزیک دەبنەوە، پارێزگاری لە جوانی گوتن و مانای ئامادە دەکەن، بەهای ئەدەبی لە گوتنی جوان و ڕیتمی مانادا دەبیننەوە.

دەتوانم بڵێم دالی حەقیقی لای (لەتیف هەڵمەت) تێکەڵکردنی هەستی تاکگەرایی و هەستی نەتەوایەتییە! بەڵام هێزی شیعری لای (عەبدوڵڵا پەشێو) لە ڕەوانی ڕیتمی گوتن و بەرزکردنەوەی دروشمی شیعری ڕەخنەکاریدا خۆی دەبینێتەوە! جیاوازی نێوان (شێرکۆ بێکەس) و (ڕەفیق سابیر) لە تەماشاکردنی ژیان و تەماشاکردنی نەتەوە وەک بابەتی سەرەکی شیعریدا خۆی دەبینێتەوە، شێرکۆ بێکەس کۆی مێژووی نەتەوە و حیکایەتەکانی نەتەوە و ژانوژواری نەتەوە وەک بنەمای شیعری بەکار دەهێنێت، بەڵام ڕەفیق سابیر گۆشەیەک لە زامە قووڵەکانی نەتەوە و خەمە بچووکەکانی نەتەوە وەک بنەمای شیعر چاو لێ دەکات، لە گۆشەنیگایەکەوە حیکایەتەکانی تاکی کوردی دەگێڕێتەوە، جیاوازی نێوان (مەلەکشا) و (ژیلا حوسێنی) جیاوازی پەیامگەرایی و سۆزگەراییە، جیاوازی نێوان ماناگەری و ئاوازگەراییە، جیاوازی نێوان شۆڕشگەرایی و دەروونگەراییە، بە گشتی هەموو ئەوانەی لەسەر ئەو هێڵە ڕێچکەیان گرتووە، کە (مێژووی وشە بە پتەوی مانا)وە دەلکێنن، گوتن و ڕیتم موتوربەی رووداوی مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سیاسی دەکەن، بیر لە بەدوایەکداهاتن و کۆتاییەکانی دالە گشتییەکان دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی لەتیف هەڵمەت لەو هێڵە جیا دەکاتەوە هێزی تاکگەراییە، ئەوەی عەبدوڵڵا پەشێو لەو هێڵە جیا دەکاتەوە شیعرییەتی دروشمگەراییە.

(ڕەفیق سابیر) لە لاوکی هەڵەبجەدا دەڵێت:

**با کەژاوەی لە گوڵ بێت**
**یان لە پەلکەزێڕینە**
**زەماوەندی خوێن دەگرێت**
**ئەمشەو پاشای ئەڤینە.**

### شاعیرانی جێگیرکردنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا

نموونەی دووەم، ئەو شاعیرانە هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە، کە وشەیەک بەرجەستە بکەن، گوتنێک بخەنەوە، کە تەواو تەعبیر لە ناخی ئەوان بکات، شاعیرانی (چەسپاندنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا) گوزارشتکردنی وشە و خود، ڕیتم و تێگەیشتن، پێیان وایە هەموو گوتنێکی خودگەرایی جگە لەوەی هەڵگری حەقیقەتە، هەڵگری بەهای چەسپاندنی پێوەندی نێوان گوتن و مانا، ڕیتم و تێگەیشتننە، ئەوە هێزی سەپاوی خودگەراییە، هۆشیاری و پتەوی مانا و ساغڵەمی مانای لەخۆدا هەڵگرتووە، جوانی بیرکردنەوە تەعبیر لەگوتنی

جوان دەکات، بەڵام جیاوازی (حەمە عومەر عوسمان) جگە لە گەڕانەوە بۆ ناخ، لە هێزی لیریکییەوە دەردەکەوێت! هەوێنی شیعری حەمە عومەر عوسمان خەمە تایبەتییەکانە، بێ ئەوەی تێکەڵی خەمە نەتەوەییەکانیان بکات!

بەو مانایەش نموونەی دووەم، ئەو شاعیرانەن، کە گوتن و مانا بە جێگیربوونی شیعرگەرایی و خودگەرایی و ناوەرۆکگەراییەوە دەلکێنن، فۆرم و ناوەرۆک بە یەک چاو تەماشا دەکەن، دالی حەقیقی لای ئەوان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بەیەکەوە بەستنەوەی خەمە تایبەت و گشتییەکانە، بڕوانە: ڕۆژ هەڵەبجەیی لە شیعری، تا کۆتایی هەڵبێ... کوژانەوەی ژنێک بە تەنیایی..!! دەڵێت:

**من خەونەکانم شلوێ بووە لەسەرەتاوە تا کۆتایی...**
**وا چاکە پەپوولە، کە دەروێشی نوورە، چرا بکوژێ،**
**چونکە تەریقەتی چرا،**
**مەرگی پەپوولەیە لە کۆتایی...**
**وا چاکە شەمشەمەکوێرە لە تونێلی نووتەکا،**
**تاریکی ڕاو بنێ...**
**چونکە لەنوونی نووتەکا دەزوولەیەک مۆمی نووستوو،**
**مەرگی شەمشەمەیە لە کۆتایی...!!**
سلێمانی ٢٠٠٩/٩/٢٩

**شاعیرانی یەکێتی گوتن و یەکێتی مانا**

نموونەی سێیەم، ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە ئاگامەندی دەروونییەوە هەستی لیریکی و سۆزی شیعری بە ویستی یەکێتی گوتن و دەروونەوە گرێ دەدەن و ویستی گوتن بە خۆشەویستی مانا و چێژەوە دەلکێنن، شاعیرانی (یەکێتی گوتن و یەکێتی مانا) پێمان دەڵێن جەوهەری ئاگامەندی بە گوتنی جوان و ماناکانی خۆشەویستییەوە بەندە، تایبەتمەندی جوانی مرۆڤ لە ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێ، مرۆڤ دەژی بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو یەکێتی گوتن و مانا بنێت، شاعیرانی جوانی گوتن و جوانی مانا، پێیان وایە ئەوە وشەی شیعرییە هەستی شیعری دەبەخشێت، بایەخ بە وشەی شیعری و مانای شیعری و ڕیتمی شیعری دەدەن، بەهای هونەری شیعر لە ئاوێتەبوونی هەستی وشە و ویستی مانا و ڕیتمی تێگەشتندا هەڵدەگرنەوە، هەڵبژاردنی دالی حەقیقی لای ئەوان لە سۆز و جوانی و تەماشاکردنی خەمە کەسییەکانی ژیاندایە، بنیادی شیعری (بەختیار عەلی) و (دلشاد عەبدوڵلا) لە هێزی گوزارشتکردن و قووڵی دنیابینیدا دەردەکەوێت، بەڵام دەتوانم بڵێم (جەلال بەرزنجی) و (هیوا قادر) هەر یەک بە ڕەنگ و دنیابینی و هەستی شیعری و مەعریفەی شیعری تایبەتی خۆیەوە، هەوڵی گرتنی حیکایەتە بچووکەکانی ژیان دەدەن! هێزی جەلال بەرزنجی لە هەستی شیعریدایە، هێزی هیوا قادر لە هەڵبژاردنی گۆشەنیگای شیعریدا دەردەکەوێت، کەچی جیاوازی نێوان (ئیسماعیل بەرزنجی) و (دلاوەر قەرەداغی) لە چەسپاندنی پێوەندی نێوان ڕیتم و مانادا خۆی دەبینێتەوە، ئیسماعیل بەرزنجی خەمی مانا پێش دەخات و لە پشت هەموو شیعرێکی بنیادێکی حیکایی دەنەخشێنێ! دلاوەر قەرەداغی لە خەمی ڕیتمدایە و شیعر لە سەما نزیک دەکاتەوە.

بڕوانە ئیسماعیل بەرزنجی دەڵێت:

**ژن و پیاوێکی چاخی بەردین بووین**
**بە گژ و گیا عەورەتی خۆمان دادەپۆشی**
**لە بنیادەمی ئەشکەوتەکەی تەنیشتمان دەترساین**
**لە شەڕێک سەردەکەوتین و**
**لە چواران دەماندۆڕاند**
**حەسرەتمان دەکرۆشت و**
**بێزاریمان هەڵدەمژی**
**لە ناکاو بەکۆڵێ یەئسی وجودییانەوە**
**تێکدەئالاین**

(پەست، وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان- کۆمەڵە شیعر، ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧، ل٣٠-٣١)

**شاعیرانی چێژی گوتن بەسەر چێژی مانادا**

هەندێک لە شاعیرانی چێژی گوتن (زاڵکردنی گوتن بەسەر مانادا)، نموونەی چوارەم، شاعیرانی جەستەناسی و جوتبوونی ڕوحی و جەستەیی، هەندێک لە شاعیرانی چۆنێتی ئەزموونکردنی ژیان و ئازادی و چێژی ژیان، شاعیرانی هەڵگیرسانی گوتن و ئیرۆتیکا و گوتن و خۆشبەختی، ئەو شاعیرانەی کە جوانگوتن و ئیرۆتیکا و ژیاندۆستی پێش دەخەن، پێیان وایە ئەوە پێشخستنی جوانی گوتن و ڕیتمی گوتنە ڕەهەندێکی جوان بە مانا و ڕەهەندێکی مەعریفی قووڵتر و جوانتر بە ژیان و دەلالەتی جیاواز دەدات، ئەوە پێشخستنی بالایی گوتنە

ماناکانی نێوان نێر و مێ، جەستە و ڕوح جوانتر نیشان دەدات، پێیان وایە بەهای شیعرگەرایی بە پێشخستنی ئاستە بەرزەکانی جوانی گوتن و ئاگامەندی تێگەیشتن و چێژی ژیانەوە دەلکێ، بەهای مرۆڤ، بەهای ژیان لە بەیەکگەیشتنی جوانی نێر و مێدا دەبووژێتەوە، جوانی مرۆڤایەتی لە بەهاکانی مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە، چێژی ژیان لە هاوگونجانی جیاوازییەکاندایە، هەمیشە هەوڵی تەواو یەکبوونی تێگەیشتن و ئاگامەندی، جوانی و چێژ، جەستە و ڕوح، دەدەن! دڵسۆز حەمە لە بەشێک لە قەسیدەی (وێنەکانی ژنێتی)دا دەڵێت:

**لە ماڵێکدا**
**ستیان لەبەر ناکەم**
**بەپێی پەتی دەسوڕێمەوە**
**بۆیە هەر دەرگای ماڵم ترازا**
**دوو کەروێشکی سپی بچووک**
**لە پێڵاوەکانمەوە ڕادەکەن**
**دوو کۆتری سپیش لە ملی بلوزەکەم**
**دەدەن لە شەقەی باڵ و**
**لە ماڵەکەمدا دێن و دەچن.**

سایتی دەنگەکان، دڵسۆز حەمە، فێبریوەری ٢٠١٢.

## هێڵی دووەم
## کەشفکردن/ دامەزراندن

شاعیرانی (هێڵی دووەم) لە شیعری نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی باشوور و بەشێک لەو شیعرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر (شەپۆلی حەجم) و (شەپۆلی زمان)...تاد بە گشتی ئەو شاعیرانە نایانەوێ خۆیان بسەپێنن، هەوڵ دەدەن شیمانەیی شیعری بنوێنن، لە نێوان کەشفکردن و دامەزراندن، هەوڵی بەدەستهێنانی چێژی شیعری دەدەن، لە نێوان ڕاڤەکردن و بەجێهێنان، جوانی بەرز دەکەنەوە، لە نێوان ڕێکەوت و یەقین، هەوڵی بنیادنانی شیعرییەت دەدەن و ڕێگا بۆ بیروڕای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز و مەعریفەی جیاواز خۆش دەکەن!

شاعیرانی هێڵی دووەم هەوڵی کەشفکردنی مانا و هەوڵی دامەزراندنی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا، هەوڵی بە دەستهێنانی ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی دەدەن، بەو مانایەش پێوەندییەکی ناوکۆیی دەخەنە نێو گەشەکردنی زمان و ئاستی شیعرییەتی زمان و پێوەندییە دەلالییەکانەوە، وەک چۆن پرۆسەی نووسینی شیعری بە دارژان و کۆتایی نەزانراوەوە دەسپێرن، بنیادی شیعری بە دنیابینی جیاواز و چێژی جیاواز و ڕیتمی جیاوازی ژیانەوە دەبەستنەوە، هێزی خەیاڵ بە بزوێنەری شیعری دادەنێن.

هەندێکیان لە ڕێگای لادانی مانای وشە و گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی باوی شیعری هەوڵی بەرجەستەکردنی مانا و ڕووە جیاوازەکانی جوانی و ئەگەرەکانی دەق دەدەن، نموونە: بەرۆژ ئاکرەیی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، هێرۆ کوردە، هەندێکیان لە ڕێگای ڕاڤەکردن و ڕوانینی مەعریفییەوە چێژ بەرهەم دەهێنن، نموونە: هاشم سەڕاج، ڕەزا عەلی پوور، بەڵام هەندێکیان لە ڕێگای لادانی چێژەوە هەوڵی وروژانی هەست و خرۆشانی چەپێنراوەکان دەدەن، بە مانایەکی دیکە تێگەیشتنی چێژ وەک بنەمای ڕاڤەکردنی هەست و خرۆشانی چەپێنراوەکان دەنووسنەوە، بۆ نموونە: زانا خەلیل، لازۆ، هەندێکیان لە ڕێگای گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی حیکایەتەوە هەوڵی وروژانی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی دیکە بۆ تێگەیشتن دەسازێنن، بۆ نموونە: ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی، (هەڵبەتە هەر هەموویان بە کۆمەڵێ جیاوازییەوە).

شاعیرانی (هێڵی دووەم) کۆمەڵێ ئەگەر بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەرەخسێنن، کۆمەڵێ ئەگەر بۆ چێژ بە کراوەیی دەهێڵنەوە، کۆمەڵێ ئەگەر بۆ گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی دەخەنە ڕوو، کەمێکیان قسەکردنی جیاواز لە بارەی مانا و تێگەیشتن، ڕاڤەکردن و چێژ فەرامۆش دەکەن! وەک چۆن هەندێکیان ئاستی گوزارشتکردن لە ئاراستەکردنی ئیرۆتیکادا کورت دەکەنەوە، نموونەی شاعیرانی هێڵی دووەم بە کۆمەڵێ جیاوازییەوە پێکهاتووە لە: هاشم سەڕاج، ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، بەرۆژ ئاکرەیی، ڕەزا عەلی پوور، زانا خەلیل، لازۆ، هێرۆ کوردە.

وەک گوتمان خەیاڵ و کەشفکردن سەرەتا و کۆتایی زانراوی نییە، بە دیوەکەی دیکەش خەیاڵ و کەشفکردن ڕووە جیاوازەکانی مانا و ڕووە جیاوازەکانی ئاسۆی چاوەڕوانی دەکاتەوە، وەک چۆن پێوەندی نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا لە بەدواداچوون و گەڕان و خوێندنەوەی بەردەوامی سەردەمەوە بە دەست دێت، مەعریفە و خەیاڵ و چێژ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و تێگەیشتنی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام شیمانەیی

شیعری، شیمانەییەکی مەرجدارە بە شیعرییەتەوە، شیمانەیی شیعری نە نکوڵی کردنە، نە جەختکردن، وەک چۆن خۆی لە شیمانەیی سەربەخۆی هێڵی سێیەمیش جیا دەکاتەوە، چونکە شیمانەیی سەربەخۆ مەرج نییە بەرەو شیعرییەت بچێت، دەشێ بەرەو هیچ شتێ نەبێ و نەهێلیستییەت بەرهەم بهێنێ، وەک بە دیوەکەی دیکە دەشێ بەرەو جەختکردنی شیعرییەت بێتەوە! هەڵبەتە دەستنیشانکردنی نێوان شیمانەیی مەرجدار و شیمانەیی سەربەخۆ خاڵی جیابوونەوەی هێڵی دووەمە لە سێیەم.

زانا خەلیل لە بەشێک لە شیعری (ژیان لە ناو کۆتاییەکاندا) دەڵێت:

**کۆتایی بە خۆت بهێنە**
**وەک ئەوەی لە مێژە کۆتاییت پێ هاتبێ**
**لە ناو کۆتاییەکان ژیانێ بژی**
**وەک ئەوەی کۆتاییت پێ نایە**
**برادەرە ئەسمەرەکانم دەڵێن**
**ئاوا کۆتاییت بە خۆت هێناوە**
**وەک ئەوەی لە مێژە دنیا کۆتایی پێ هاتبێ**
**برادەرە کۆتایی پێ هاتووەکانم دەڵێن**
**بۆ هێندە لە ناو کۆتاییەکاندا دەژی**
**وەک ئەوەی کە هەرگیز کۆتاییت پێنێ**

لە کۆمەڵە شیعری "چوونە دەرەوەیەک نەماوە، بۆ هاتنە ژوورەوە" لە بڵاوکراوەکانی گرووپی کولتووری و هونەری هاڤی، ٢٠١٢، هەولێر، ل١٠.

## هێڵی سێیەم
## یاخیبوون و جیاوازی

(هێڵی سێیەم) لە ڕێگای شیمانەیی نکوڵێکەر و تێکشکاندنی پێوەندییە باوەکان و لە سەر بنەمای هاوشێوەیی دەنگی و دووبارەکردنەوەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە نیشانە (sign)(٢١)، یان ئاماژە بە سەربەخۆکانی شیعریی دەگەن، بەڵام نەک بەو مانایەی کە شتێک بگەیەنێت، بەڵکو بەو مانایەی بە هیچ شتێک نەگات، نەک بە مانای سڕبوونی فیکر و دەلالەت، بەڵکو دەشێ هەر سڕبوونی دەلالەتیش نەبێ، بەڵکو دەلالەت تێیدا گاڵتەجاڕانە و درۆزنانە بکەوێتەوە.

لە نێو (فۆرمالیستەکانی رووس- شکلۆفسکی)(٢٢) پێی وایە زمانی شیعری زمانێکە مانا ڕەت دەکاتەوە.(٢٣) شاعیرانی هێڵی سێیەم لە ڕێگای وڕێنەوە، شیمانەیی سەربەخۆ، بۆ ئەوی دیکەی خوێنەر فەراهەم دەکەن، لە ڕێگای شیمانەییەوە شیمانەیی بەرهەم دەهێننەوە، ئاوڕ لەوەش دەدەنەوە کە لە بەرهەمهێنانەوەی شیمانەییدا لۆجیکی مانای تەقلیدی بۆ درککردن دادمان نادات، چونکە جیهان بەو جۆرەی (ئەمڕۆ) هەیە، ملکەچی ڕێکخستن و پۆلێنکردن نابێت، شیعر بەو جۆرەی ئەوان وێنای دەکەن بۆ (گوتن و مانا، دۆزینەوە و دامەزراندن) سەرشۆڕ ناکات، هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نییە، جگە لەوەی دەستبەرداری هەموو ئەوانە بین، کە بە گوێرەی "گوتن" و "مانا"، "دۆزینەوە" و "دامەزراندن" لە شیعر دەڕوانێت، مەسەلە بنەڕەتییەکەش لای (هێڵی سێیەم) ڕزگارکردنی شیعر نییە، بەڵکو ئاراستەکردنی فیکرە بەرەو چەمکێکی تازە، کە بە گوێرەی دەربڕینی خۆی نە "شیعرە" و نە "پەخشان"، بەڵکو نیشانەیە، بەڵکو ڕیزۆمە، بەڵکو دەنگێکی فرە ڕەهەندە، کە هەزاران دەنگی لەخۆ گرتووە.

لای بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هێڵی سێیەم دەقی شیعری بە پلەی یەکەم بنیادێکی دەنگی هەیە! ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ (جاکۆبسون)(٢٤) و فۆرمالیستەکانی ڕووس، کە پێیان وابوو شیعر لە سەر بنەمای هاوشێوەیی و دووبارەکردنەوە کار دەکات، شیعر بنیادێکی دەنگی هەیە، بۆ نموونە لای بەشێک لە شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر (شەپۆلی حجم) و (شەپۆلی زمان) و زۆر جوانیش لە دەقەکانی (شوعەیب میرزایی)دا دەبینرێت، بەڵام لای هەندێ لە شاعیرانی هێڵی سێیەم، بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر شیعر بە دەنگێکی فرە ڕەهەند دادەنێن، نە ڕابوردووی هەیە، نە بڕوای بە داهاتوو هەیە، چارەنووسی بێ یادەوەرییە.

شیعر دەنگێکی فرە ڕەهەندە لە هێڵکاری دەچێت، نەک نەخشەی لەبەر گیراو، جوگرافیایە، نەک مێژوو، گەشت و کۆچە، نەک مانەوە و نیشتەجێبوون، هەموو ئەو قسانە بۆ (دۆلۆز)(٢٥) و مانا دۆلۆزییەکەی دەمانگەڕێنێتەوە، کە هەموو ئەوانە بە ڕیزۆم دادەنێت، ڕیزۆم ئەوەیە لە نێو شتەکاندا بیر لە شتەکان بکاتەوە، شیعریش لای هەندێ لە شاعیرانی هێڵی سێیەم ئەوەیە لە نێو زماندا بیر لە زمان بکاتەوە، بەشێک لە شاعیرانی هێڵی سێیەم بڕوایان بە ڕەگ نییە، بەڵکو بڕوایان بە ڕەگە تۆڕە، بڕوایان بە پنت نییە، بەڵکو

بروایان بە هێڵـە، لەو شـاعـیـرانەش نموونەی (سـاڵح سوزەنی) و بەشێک لە شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشێک لە ئەزموونی (یوونسی ڕەزایی)، هەندێکیان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای خـەیاڵ و وڕێنەوە بە جوانی و لە ڕێگای شیمانەیی نکوڵکەرەوە بە مانای نائامادە بگەن، بۆ نموونە سـەباح ڕەنجـدەر، سـەڵاح جـەلال، هەندێکیـان هەوڵ دەدەن وێناکـردنی باو بۆ مـانا سـەرەوژێر بکەن و بگەنە کورتبڕی و لەوێوە شیـمانەیی سەربەخۆ بۆ شیـعر فـەراهەم بکەن، بۆ نموونە: عـەباس عـەبدوڵڵا یووسف و... تاد.

من وەک خوێنەرێک لەو خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم لە ڕاڤەکردنی نیشانە و سەرچاوەکانی نیشانەوە بە بابەتی نیشانە و ئاماژەکانی نیشانە و جیاوازییـەکانی بگەم، چونکە نیشانەکان ڕێگایان بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆش کردووە و مرۆڤ بە ئەوی دیکەی جیاواز دەگەیەنن، ئەوە نیشانەکانن لە ژیانی ڕۆژانەماندا کۆی ئەو مانایانەمان پێ دەبەخشن، وەک ئەوەی گەردوون پێشنیاری کردوون، وەک ئەوەی سیـسـتم ئاماژەی بۆ دەکـات، ئێـمـەش بە جیاوازییەکانی خۆمـانەوە دەنازین و خۆمـان بە خاوەنی نیـشـانە شیـمـانییـەکـان دادەنێین، ئەگەرچی لەو بارەوە نیشانە زمانییەکان تەنیا نین، بەڵام بایەخی خۆیان هەیە، بۆ نموونە لای محەمەد باوەکر.

کەواتە زمان بە پلەی یەکەم بە سیستمی سیمیاییەوە (semiotics) بەندە، کـە توانایی لەخـۆگـرتنی هەمـوو سیـسـتـمـە جـۆراوجـۆرەکـانی نیـشـانەی هەیە، لێـرەدا گـوزارشـتکردن لە زمـان، گـوزارشـتکردنە لە بەیەکـەوە گـەیاندن، (پێـرس)(٢٦) پێی وایە بنیـادنانی تیـوری سیمیۆلۆجی بە گشتی کار بۆ نیشانەکان دەکات، نیشانە شـوێنی تایبـەتی خـۆی هەیە، بەڵام ئەوە بۆ نیـشـانە زمانەوانییەکان یەکەم شوێن نییە.(٢٧)

شـیـعـر هیچ لەوانە بە هەند هەڵناگـرێ، بەڵکو مـەسـەلەیەکی ئیبداعـیـیـە و ئیـبداعـیش سـەربەخۆیی دەگەیەنێت و شتگەرایی قبووڵ نییە! دەمەوێ بڵێم زمان لە سـیـمـیـاییـدا توانایی ئەوەی هەیە کـە هەمـوو ئەو سیـستـمـانەش لەخۆ بگرێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خۆیان ناکەن و نیشانەی ئەبستراکتین و هەر تەنـیا ئامـاژە بە دەلالەتەکـانیـان دەکـەن و لە زمـانێکدا دەتوێنەوە کـە گــوزارشت لەوان دەکـات و ئەوان لەخـۆ دەگـرێت! بە مـانایەکی دیکە زمـان لای هەندێکیـان ڕیشـەیان دەچێتەوە سـەر بێ مانایی، ڕیشـەیان دەچێتەوە سەر پووچەڵکردنەوەی دال، بەو مانایەش ئەوەی شیعرەکە پێشکـەشی دەکـات، پەسـەندکـردنی ئەو پەیامـەیە کـە لە لایەن خـوێنەر/ وەرگـرەوە دروست دەبێ، ئەو پەیامـە لە نێـوان وەرگـر و شـاعـیـرەوە ڕووبەری برێـک لـەو گـومـان و گـریمانەیە کـە بەرانبـەر واقـیـعـێکە دیاریکراو دروست دەبێت، کە شیعرەکە دەچێتە ناوییەوە، کە وەرگر و شاعیر دەچنە ناوییەوە، هەمـوو ئەوەش ڕوو لەخـۆبوونێکە کـە بۆ هیچ شـتـێـک کـورت ناکـرێتـەوە، ئەو ڕازە بنەڕەتیـیـە نووسـتووە هەمیشە بە شێوەیەکی ڕوولەخۆ ئەو پێوەندییە بنچینەییەی نێوان کەسەکانی نێو واقیعێکی دیاریکراو ڕادەگـەیەنێت، (ئەنوەر مـەسـیـفی ١٩٥٢- ٢٠٠٥) لە بەشێک لە قەسیدەی (جلوبەرگ و جمکەکان)دا دەڵێت:

**سە قەبری لێدەدا**
**ئەفسانەش غار دەداتە درەختی**
**پەلک بە کرێ**
**بزنی ناو ژوورەکەم لە سەرمایە**
**باڵندە گۆشتی بەردا**
**ئەفسانە غار دەدا**
**زەوی لای ڕاستی شکا**
**لکە هەنجیری پاش کۆران**
**تای ڕدێنی من**
**سە بەلەمی هێسکی برد**
**ئاو شکا**
**بەلەم ڕۆیی**
**ردێن لە ناو کاولان**
**لا سییەکم کەونە دیوار**
**خۆڵی پشتان بەرد**
**قرێژی نەخۆشان گیا**
**ژنی زگ پڕ باران**
**لەشکر**
**لە**
**مووی**
**بن**
**کەوشان**

لە کـۆمـەڵە شـیـعـری (جلوبەرگ و جـمکـەکـان) سـاڵی ١٩٩٠.

دۆخی شـاعـیـرانی شـەپۆلی سـێـیـەم پێـوەندییـەکی ڕاستـەوخۆی بە دۆخێک هەیە، کە وەک (بۆدریار)(٢٨)

دەڵێ لە جیاتی کاڵا نیشانە بەرهەم دەهێنێ! دۆخێک کە چیتر کاڵا بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان نییە، بەڵکو زنجیرەیەکی ناکۆتایی بێ ئامانجە! هەر کاڵایەک نیشانەیە بۆ کاڵایەکی دیکە، بەدیلێکی بەتاڵە بۆ کاڵایەکی دیکە، دالێکە بۆ دالێکی دیکە و مەدلوول لەناوچووە، ئەسڵ و دەق لە ناوچووە، نیشانە شوێنی گرتووەتەوە، ئێمە لە جیهانی نیشانەدا دەژین، لە جیهانێکدا دەژین زانیاری زۆرە، بەڵام مانا کەمترین ئامادەیی هەیە، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین وەک بۆدریار دەڵێت ئیتر نیشانەکان بۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراو، بۆ سەرچاوەی مانا ناگەڕێنەوە، پۆشاک و ڕیکلام و چیتر سەرچاوەی ماناییان نییە، بەشێک لە نموونەی شاعیرانی هێڵی سێیەم، وێڕای جیاوازییان: عەباس عەبدوڵڵا یووسف، ئەنوەر مەسیفی، محەمەد باوەکر، سەباح ڕەنجدەر، سەلاح جەلال، ساڵح سوزەنی، شوعەیب میرزایی.

## بە کورتی

لە شیعری نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی باشوور و بەشێک لەو شیعرەی کوردستانی ڕۆژهەلات، کە دەکەونە بەر شەپۆلی حەجم و شەپۆلی زمان، بنیادی دەلالی دەلالەت لە بەرهەمهێنانی دەلالەتی -حەقیقی و شیمانەیی- دەکات، حەقیقەت تەواوی ئەو ڕاستییەیە، کە وردبینی کراوە، بەڵام شیمانەیی ئەوە نییە کە خۆی دەسەپێنێ، بەڵکو ئەوەیە کە هەڵبژاردن دەخاتە پێشەوە، شیمانەیش بە دوو جۆر قسەی لێ کراوە، یەکەمیان شیمانەیی نووسەر، دووەمیان شیمانەیی ئەوی دیکەی خوێنەر، هەموو ئەوەش ڕێکخستنی مانای چەسپاو و کەشفکردنی مانای نائامادە و خەیاڵی نووسەر و مانای نائامادە و خەیاڵی ئەوی دیکەی جیاواز دێنێتە بەرهەم.

ڕێکخستنی مانای چەسپاو و ئامادە پەیوەندی بە زمانی فەرهەنگییەوەیە و لەوێوە بەرەو گوتار دەبێتەوە، کە پێی وایە مانای ئامادە و چەسپاو جگە لە یارییەکی پاشکۆئامێزی ناوەکی شتێکی دیکە نییە، بەڵام مانای نائامادە لە دەلالەتی مانای خەیاڵکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک ئەوەی نزیکترین و نوێترین یەکەی گوتار پێکبهێنێت. بۆ بەدەستهێنانی مانای ئامادە و کەشفکردنی مانای نائامادە و خەیاڵی پێویستمان بە پرۆسەی دانان و بەیادهێنانەوە و ڕێکخستن هەیە.

چەمکی ڕێکخستن لە ڕووی زمانەوە چەسپان و دڵنیایی دەگەیەنێت. چەمکی خەیاڵ و کەشفکردن لەگەڵ پرۆسەی ڕێکخستن و بەیادهێنانەوە دژ دەکەوێتەوە، چونکە لە چەمکی ڕێکخستندا مانای چەسپاو و ئامادە خۆی بەسەر شیمانەیی ئێستا و ئێستای زیندوودا دەسەپێنت، بەڵام خەیاڵ و کەشفکردن لە سەرەتا و کۆتایی نەزانراوەوە سەرچاوە دەگرێت. بەشێکی دیکەی خەیاڵ و کەشفکردن پەیوەندی بە ڕووە جیاوازەکانی مانا و ئەوی دیکەی جیاوازەوە هەیە، لە سەر ئەو بنەمایە سێ هێڵ لە شاعیرانی دوای ڕاپەڕین و شیعری نوێی کوردی باشوور و بەشێک لە شیعری کوردستانی ڕۆژهەلات دەستنیشان دەکەم: هێڵی یەکەم ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە، کە هەوڵ دەدەن لە ڕێکخستنی ماناوە هاوسەنگی نێوان ئاستی گوزارشتکردن و ڕیتمی ڕستە لە لایەک و ڕیتمی وشە و مانای ئامادە لە لایەکی دیکەوە بپارێزن، هەوڵ دەدەن شێوەی ئاسۆیی زمان بپارێزن، بۆ ئەوەی جوانی شیعر و جوانی ئامادە بە یەکەوە بگونجێنن! هەموو ئەوانە ڕێگا بۆ حەقیقەت خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی بدوێ، بە کورتی هەموو هێزی خۆیان لە مانای ئامادە و ڕێکخستنی خۆدا دەبیننەوە.

چوار نموونەتان لە هێڵی یەکەم پێ دەناسێنم: نموونەی یەکەم ئەو شاعیرانەن کە جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بە هەستی نەتەوایەتی و دەروونی و سیاسی موتوربە دەکەن، پەردە لەسەر گوتنی حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەدەنەوە، لەوانە: شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، جەلال مەلەکشا، ژیلا حوسێنی.

نموونەی دووەم، لە نێوان تێگەیشتن و مانادا، شیعرگەرایی لە خودگەرایی و ناوەرۆککەراییدا دەبیننەوە، بیر لە چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا دەکەنەوە، بۆ گواستنەوە لە حیکایەتێکەوە بۆ گەیشتن بە ڕیتمی حیکایەتێکی دیکە. نموونەکان وێڕای جیاوازییان: کەریم دەشتی، جەمال غەمبار، نەزەند بەگیخانی، چۆمان هەردی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، فەرەیدوونی ئەرشەدی.

نموونەی سێیەمی شاعیران، ئەوانەن کە هێزی گوزارشتکردن و هەستی لیریکی و ورووژانی سۆز بە کەرەستەی بەرزی جوانی و ڕەوانی و ناسکی دادەنێن. شاعیرانی یەکێتی گوتن و مانای گوتن جوانی گوتن و

جوانی مانا ئاوێتەی ڕیتمی بیرکردنەوە دەکەن، حەقیقەتی گوتن تێکەڵ حەقیقەتی نەگوتن دەکەن، لە نموونەی ئەو شاعیرانە: دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، بەختیار عەلی، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل بەرزنجی، هیوا قادر.

نموونەی چوارەم، نموونەی گوتن بەسەر مانادا، ئەو شاعیرانەی جەستەگەرایی و چێژی ئیرۆتیکی و ئاگامەندی سۆزداری پێش دەخەن. نموونە: قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، ژوان ئاوارە.

هێڵی دووەم هەوڵی کەشفکردنی مانا و هەوڵی دامەزراندنی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا دەدەن، ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی بۆ خوێنەران واڵا دەکەن، شێوەی ستوونی بە زمان دەبەخشن، خۆیان بە کۆتایی نەزانراو دەسپێرن، خۆیان بە دنیابینی جیاوازی نووسینەوە دەسپێرن، میکانیزمی خەیاڵ بە بزوێنەری شیعری دادەنێن. هەموو ئەوانە ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی گەشە بکات، بە کورتی هەموو هێزی خۆیان لە نائاگامەندی و پێشخستنی ناوکۆیی و فەرامۆشکردنی خوددا هەڵدەگرنەوە: نموونەی شاعیرانی هێڵی دووەم بە کۆمەڵێ جیاوازییەوە پێکهاتووە لە: هاشم سەڕاج، ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، بەرۆژ ئاکرەیی، ڕەزا عەلی پوور، زانا خەلیل، لازۆ، هێرۆ کوردە.

هێڵی سێیەم تەواو پێچەوانەی هێڵی یەکەم بیر دەکەنەوە، هەموو ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژووی مانا و ڕێکخستن ڕەت دەکەنەوە، هەموو یاسا و ڕێساکانی زمان و ڕەسەنایەتی ڕەش دەکەنەوە! هەموو سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە وەلا دەنێن، وەک ڕیزۆم لە نێوان زماندا بیر لە زمان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیشانەی هەڕەمەکییەوە، تێکدانی پێوەندی نێوان وشەکان مانای باو تێکبشکێنن و شیمانەیی سەربەخۆ فەراهەم بکەن، گوزارشتکردنێکی یاخی و ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی بۆ ئەوی دیکەی خوێنەر و ئەوی دیکەی جیاواز دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خەیاڵ و وڕێنەوە بە جوانی لەناکاو و لە ڕێگای شیمانەیی نکوڵکەرەوە بە مانای نائامادە و ئەوی دیکەی جیاواز بگەن، ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی وەک شیمانەیی بدوێت، چارەنووسی بێ یادەوەرین، لای شاعیرانی هێڵی سێیەم ئەسڵ و دەق لە ناوچووە، نیشانە شوێنی گرتووەتەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خۆیان ناکەن و نیشانەی ئەبستراکتین، بە کورتی هەموو هێزی خۆیان لە تێکشکاندنی مانا و شیمانەیی سەربەخۆ و بێ سەرچاوەیی و بەرهەمهێنانی نیشانە و کورتبڕیدا دەبیننەوە، نموونەی شاعیران: عەباس عەبدوڵڵا یووسف، ئەنوەر مەسیفی، محەمەد باوەکر، سەباح ڕەنجدەر، سەلاح جەلال، ساڵح سوزەنی، شوعەیب میرزایی.

**هەولێر ٢٠١٧/٩/٢٩**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(٢٠) مجله الاستاذ- العدد (٢١٠) لسنة ٢٠١٢، قضية اللفظ والمعنى، ا.م.د عادل هادي حمادي العبيدي، كلية الاداب- جامعة الانبار.

(٢١) ئەرکی نیشانە (علامة) ئەرکێکی دروستکارییە، نیشانە خاوەن واتا نییە، بەڵکو خاوەن بە کارهێنانە.

(٢٢) قوتابخانەی فۆرمالیستەکانی ڕووس لە ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٣٠ لە گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕووسیا سەری هەڵداوە و کاریگەری زۆری لە سەر قوتابخانەی بنیادگەری هەبووە، لەوانەی بەشدارییان تێدا کردووە: فیکتۆر شیکلۆفسکی، یۆری تینیانۆڤ، بۆریس ئەیشینباوم، ڕۆمان یاکۆبسون، گریگۆری فینکۆر، ڤیکتۆر بوریسۆڤیچ شکلۆفسکی (١٨٩٣ -١٩٨٤) نووسەر و ڕەخنەگری ڕووسی. یەکێکە لە فۆرمالیستەکانی ڕووس بە وتاری "هونەر لە پێناو هونەردا" ساڵی ١٩١٧یەکەمین بەشداری خۆی نواندووە.

(٢٣) تزيتان تودوروف، نقد النقد، رواية تعلم- ترجمة: سامي سويدان، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة، ط٢، ١٩٨٦، ص٢٤.

(٢٤) ڕۆمان جاکۆبسون (١٨٩٦-١٩٨٢م) لە دایکبووی مۆسکۆیە، بناغەدانەری ئەڵقەی زمانەوانی مۆسکۆ بووە و بزووتنەوەی فۆرمالیستەکانی ڕووسی پێکهێناوە، لە دووەمین جەنگی جیهانی بەرەو ئەمریکا دەچێ و ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرتووە.

(٢٥) جیل دۆلۆز (Gilles Deleuze) بیریار و فەیلەسووفی فەڕەنسی (١٩٢٦-١٩٩٥).

(٢٦) شالز ساندرز پیرس فەیلەسووفی ئەمریکی و زمانەوان (١٨٣٩- ١٩١٤).

(٢٧) العلاماتية وعلم الدلالة، اعداد وترجمة: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، دار المحبة- دمشق، ٢٠٠٩، ص٣٤.

(٢٨) ژان بۆدریار (Jean Baudrillard) لە ٢٧ی یۆلیۆی ١٩٢٩ لە دایکبووە و لە ٦ی مارسی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە، فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ و شیکەرەوەی سیاسی فەڕەنسییە، هەڵگری فیکری پۆست مۆدێرن و پۆست بنیادگەرییە.